# بڕیارنامە: لە چلەی تیرۆری سەردەشت عوسماندا.

1. "تیرۆری سەردەشت عوسمان"، تیرۆرێکی سیاسیە:

a) دەستدرێژییەکە بۆسەر ئازادی فکر و بیروڕا دەربڕینی توێژێکی بەرینی ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، ئەدەبدۆستان، نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی بورژوا لۆکاڵی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە ڕەوەتێکی سیاسی ناسونالیستی کوردیدا و بەدیاریکراویش لە دوو حیزبی بورژوازی "پارتی" و "یەکیەتی"دا، وە لە شکڵی حکومەتی هاوبەشیاندا (حکومەتی هەرێمی کوردستان)دا خۆی ڕێکخستوە.

b) ئەم دەستدرێژیە بەشێکە لە داسەپاندنی سەرکوتی (ئیستیبدادی) بورژوازی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا و درێژکراوەی پێبەپێی بەرتەسککردنەوە و لەباربردنی فەزایەکی نیمچە ئاوەڵای فکری و سیاسیە کە لە دوو دەیەی ڕابردووەوە بەهۆی چەند ئاڵوگۆڕێکی سیاسی؛ بەدوای جەنگی کەنداوی یەکەم، ڕاپەڕینی جەماوەری 1991، پاشانیش بوژانەوەی ئابوری و پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتی و فکری بەدوای ڕوخاندی ڕژێمی بەعس و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە هاتۆتە ئاراوە.

c) ئەم پرۆسەیە لە هەڵپێچانی ئەو کەش وهەوا سیاسیە نیمچە ئاوەڵایە و داسەپاندنی سەرکوتە، بە پێچەوانەی لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو توێژە لە ڕۆشنبیران، وە هەتا بە پێچەوانەی بۆچونی زۆرێکیش لە چەپەکان و کۆمۆنیستەکان، نەک ڕەنگدانەوەی داب و نەریتی عەشایەربون و بنەماڵەیی، عەقڵیەتی شاخ، سوننەتی پێشمەرگایەتی و میلیشیایی بون وەیا "دواکەوتویی کۆمەڵگە" و فەرهەنگی ئسلامی و....هتد، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشا ئەم فاکتۆرانە هەن وە ڕۆڵی خۆشیان هەیە، بەڵام زەرورەتی خەفەکردنی فکری و سیاسی لەمڕۆی کوردستاندا پێداویستیەکی چارهەڵنەگری چەوسانەوەی سەرمایەداری و ئێسک و پروسک تێکشکاندنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. کۆمەڵگەیەک پاش ئەوەی کە ئۆلیگارشییەکی مالی-حیزبی [توێژێکی پارەداری-حیزبی] لە بازرگانی جەنگدا بە چارەنوسی میللەتێکەوە دێتەدی، ئێستا ئەو کۆمەڵگەیە لە ماوەی شەش-حەوت ساڵی ڕابردودا بۆتە مۆڵگەی سەرمایەگوزاری، ڕوهێنانی کۆمپانیا بیانیەکان، کرێکارانی بیانی و کرانەوەی بازاڕی کوردستان بەڕوی نەک هەر بازاڕی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڵکو بەڕوی بازاڕای جیهانیشدا. دەرچونی یاسای وەبەرهێنان لە ساڵی 2006 دا بۆ پاراستنی سەرمایە و ڕێکخستنی کاروبارەکانی سەرمایەداران و ئیمتیازدان بە سەرمایەدارانی بیانی، لە حاڵەتێکدا هیچ جۆرە پاراستنێکی یاسایی بۆ کرێکاران لەئارادا نیە، سەندیکا کرێکریەکانیش تەواو کۆنترۆڵ کراون، کراون بە سەندیکای زەرد و بەشێك لەدامودەزگای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، ڕێکخراوبونی ئازادانەی کرێکاران یاساغە، چالاکی عەلەنی کۆمۆنیستی و چەپەکان لەوانە "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان" ڕێگەی پێنادرێت لەگەڵ ئەوەشا بەڕەسمی چەند جارێک داوای مۆڵەتی کردنەوەی ئۆفیسیان کردوە، گشت ئەمانە دەربڕینێکی سومبۆلیکن لە جەوهەری چینایەتی دەسەڵاتی سیاسی و هەوڵدانی بۆ داسەپاندنی سەرکوتی فکری و سیاسی بورژوازیانەی بەسەر کۆمەڵگەدا.

d) لەهەنگاوی یەکەمدا توندوتیژی ئەم سەرکوتە ڕوبەڕوی ئەم توێژە ڕۆشنبیرە دەبێتەوە. نوسەران هەڕەشەیان لێدەکرێت، کامێراکان دەستیان بەسەردا دەگیرێت، ڕۆژنامەکان داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکرێت، دادەخرێن، نەك هەر چاو لە فتوای مەلاکان و حیزبەکانی ئیسلامی سیاسی دەپۆشرێت بەڵکو ئاگاهانەش کەنالێزە دەکرێت بۆ خۆیان گوتەنی بۆ "لغاو کردنی" رۆشنبیران و حەڵاڵ کردنی خوێنیان بەناوی بەزاندنی خەتی سوری داب و نەریتی بەناو "پیرۆزی" ئاینی و نەتەوەیی،...ڕۆژنامەوانان کوتەککاری دەکرێن و پاشان تیرۆر دەکرێن...هتد هەموو ئەمانە لەپێناو ئەوەدا تا دزینی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە و گەندەڵیەکانی ئەم دەسەڵاتە بورژوازیە لەلایەن ئەم توێژە ڕۆشنبیرەوە تیشکی نەخرێتەسەر نەکا نارەزایەتیە جەماوەریەکان پەرەبستێنن بەدژی ئەو بێبەش ڕاگرتنەی جەماوەری بەرینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیانیان.

2. تیرۆری سەردەشت عوسمان لە هەمان کاتدا دەرخەری کێشمەکێش و خەباتێکی فکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو توێژەشە نەک هەر بۆ پارێزگاری و پەرەپێدانی مافە پیشەییەکانیان بەڵکو بۆ جێخستنی مافە مەدەنیەکانی هاوڵاتیان و هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی (سەرمایەداری) بە ئاسۆیەکی فکری سیاسی ناسیونال-لیبراڵ و ڕیفۆرمیستەوە. کاروچالاکیە فکری، ئەدەبی و پەروەردەییەکانی ئەم توێژە بەشێکە لەپرۆسەیێکی سیاسی کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستانی پیدا تێپەڕدەبێت. ئەم توێژە ڕەوتی فکری و سیاسی ڕەنگاوڕەنگی هەمە چەشنە و ناکۆک بەیەکتری گرتۆتەخۆ، هەر لە شێوازی ڕەخنەی ڕادیکاڵ و ئانارشیستەوە بیگرە، تا شێوازی ئیسلامی لیبراڵ، تا شێوازی "ڕەهەند"یەکان و "ڕەخنە بە زمانی گوڵ"ی لیستی گۆڕان، بەڵام ئەوەی بناغەییە ئاسۆیەکی فکری سیاسی ناسیونال-لیبراڵ و ڕیفۆرمیستە کە وەک کۆلکەزێڕینە ئەم هەموو تاڵەداوە، ناکۆک و ڕەنگاوڕەنگانەی ئەم توێژەیەی بەیەکەوە گرێداوە.

3. ئەم تیرۆرە مەسەلەیەکی سیاسیە بەرلەوەی یاسایی بێت. باری یاساییەکەشی دەرخەری کێشمەکێشە سیاسی و فکریەکانە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا. بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرین لە جەماوەری ڕۆشنبیران هاتۆتە مەیدان لەلایەک بۆ دەرخستن و خستنەڕوی هێزی عەمەلی خۆی بۆ وەستانەوە بەدژی ئەم دەستدرێژیە و پێشگیری بە دەستدرێژی تر لەئایندەدا، وە لەلایەکی تریشەوە بۆ فشارهێنان بۆسەر دەسەڵات، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی یاسایی ئەم تاوانە.

4. ئەم بزوتنەوەیە وێرای ئەو هەمەڕەنگیە لە فکر و لە شێوازی خەبات و ڕەخنەی جۆراوجۆری ئەم توێژە، جۆرەها ڕەوت و ڕێکخراوە و حیزبی سیاسیش تیا چالاکن. بەم پێە وەک هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی دیموکراتیک و جەماوەری، ئەم بزوتنەوەیە پێکهاتەیەکی هەڵیتوپەڵیتە، سەنتەری بەیەکگەیشتنی ڕەوەندی فکری و سیاسی جۆراوجۆرە، هەر بەو پێیەش شوێنی هەوڵدانە بۆ تێنوسان، ڕاکێشان و کێشکردنی بە ئاقاری جۆراوجۆردا. بەڵام ئەوەی کە پێویستە جارێکی تر بیڵێینەوە باڵادەستی ئاسۆیەکی فکری سیاسی ناسیونالْ-لیبراڵ و ڕیفۆڕمیستە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا بەگشتی کە چارەنوسەکەی لە قاڵب دەدات و ئەو سنورەشی بۆ دیاری دەکات کە لەکوێ دەگیرسێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت نکۆڵی بکرێت لە ئاسۆی فکری-سیاسی جۆراوجۆری تر لە ژێر باڵ و سایەی ئەو ئاسۆ زاڵەدا.

5. ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە لەکاتێکدا سەرهەڵدەدات کە بزوتنەوەیەکی کرێکاری سەربەخۆ و سۆشیالیستی وەك هێزێکی سەرەکی لایەنگر لە ئازادیە سیاسیەکان شکڵی نەگرتوە و نەهاتۆتە مەیدان، هەروەها بزوتنەوەی چەپیش پەرەوازە و لاکەوتەیە و لەداوێنی کێشمەکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگەدایە.

a) لە ڕوانگەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە خاڵی لاوازی ئەو بزوتنەوەیە بریتیە لە باڵادەستی ئەو ئاسۆیە، نەک هەر بۆ کردنی بە سەکۆیەک بۆ بەهێز کردنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاری، بەڵکو هەتا بۆ پێشڕەوی و بە ئاکام گەیاندنی خودی بزوتنەوەکەش. وتار نوسین و ڕەخنەی فکری-سیاسی لەم ئاسۆیە گەرچی گرنگە و ئەبێ بەشێک بێت لە پڕۆسەی وەلاخستنی ئەم باڵادەستیە بەڵام ئەوە ڕەخنەیەکی عەمەلی-سیاسیە کە دەتوانێت یەکلاکەرەوە بێت لەو مەیدانەدا. **ڕەخنەی عەمەلی-سیاسی پێکهێنانی بلۆکێکی ڕادیکاڵی یەکگرتووە بەدەوری پلاتفۆڕمێکی چەپدا لەدەرونی ئەم بزوتنەوە ئازادیخوازە دیموکراتیکەدا،** لەلایەن ڕێکخراو، حیزبەکان و کۆرو کۆمەڵی چەپ و مارکسیست، هەڵسوراوانی کۆمۆنیست و کرێکاریەوە.

b) لە حاڵێکدا ئەگەر ڕێکخراو یان حیزبێکی چەپ، کرێکاری و کۆمۆنیست بە عەمەلی بیتوانیایە بەتەنها ئەو بلۆکە چەپە پێکبهێنێت لە دەرونی ئەم بزوتنەوە ئازادیخوازە دیموکراتیکەدا یان لەتوانایدابوایە لە ڕێڕەوی پەرەسەندی ئەم بزوتنەوەدا ئەوە بهێنێتەدی، لەو حاڵەتەدا باس کردن لە گردکردنەوەی ڕێکخراوە و حیزب و کۆڕوکۆمەڵ و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و کرێکاری بۆ پێکهێنانی بلۆکێکی چەپ شتێکی زیادە دەبوو. بەڵام لەباروەدۆخی تایبەتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و حاڵەتێک کە ئەو بزوتنەوەیەی تێدایە لە ئێستادا و چەپیش کە بە زەحمەت خۆی وەک خەتێکی جیاواز دەبینێتەوە لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا، بۆیە خستنەڕوی پلاتفۆڕمێک بۆ هێنانەدی بلۆکێکی سیاسی یەکگرتوی چەپ بایەخی خۆی هەیە. لە حاڵێکدا ئەم ڕێکخراو و حیزب و کۆڕوکۆمەڵ و هەڵسوڕاوە کۆمۆنیست و چەپانە لێرەولەوێ لە وڵاتانی جۆراوجۆر لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کۆڕی ماتەمینی و سیاسی وەیا ئاکسیۆن و خۆپێشاندان بەڕێدەخەن، چ شتێک ئەبێ ڕێگر بێت لەوەی کە پێکەوە بلۆکێکی تایبەت بە چەپ پێکبهێنن لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا؟

6. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە نەک هەر لەباری ئاسۆی فکری-سیاسیەوە خاڵی لاوازی هەیە، بەڵکو لە شێوازی بەدواداچونی یاسایی بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی تاوانبارانیش خاڵی لاوازی هەیە. ئەو خاڵە لاوازەش ئەوەیە کە ملی داوە بەوەی کە ئەو لایەنەی گومانی لەسەرە هەڵسێت بە لێکۆڵینەوە و بە دواداچونی ئەم تاوانە.

a) کەیسی " تیرۆری سەردەشت عوسمان"، ناگات بەئاکامی خوازراوی خۆی ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو بازنە دەرنەچێت کە ئێستا تیایدایە. دەرچون لەم بازنەیە بەو مانایەیە کە بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لەم تاوانی تیرۆرە لەلایەن دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ڕەسمی هەرێمی کوردستانەوە شەرعیەتی نیە، جا چ سەرۆکی هەرێم پێیهەڵسێت یا چ حکومەتی هەرێم (وازەتی ناخۆ، دەزگای ئاسایش و پۆلیس)، بەڵکو ئەوە لیژنەیەکی جەماوەریە بەهاوکاری دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان و ئەوانەش کە پەیوەستن بە مافی مرۆڤەوە، کە ئەو شەرعیەتەی هەیە. ئەمە بۆ؟

b) چونکە بە پێی نوسینەکانی خودی جوانەمەرگ سەردەشت عوسمان چ بنەماڵەی بارزانی کە سەرۆکی هەرێم سەر بەو بنەماڵەیە و چ دەزگای "ئاساییش"ی حکومەتی هەرێم و چ "پاراستن"ی سەربە پارتی جێگەی گومانن. هەر کەسێک بگەڕێتەوە سەر نوسینەکانی سەردەشت عوسمان بە ئاشکرا ئەمەی بۆ دەردەکەوێت. ئەمە جگە لەوەی کە جەماوەریش پەنجەی تۆمەتیان بۆ درێژ دەکات، بۆیە لەڕوی قانونیشەوە دروست نیە ئەوەی تۆمەتی لەسەربێ لیژنەی لێکۆڵینەوە و

بەدواداچون دیاری بکات، بەڵکو دەبێ لیژنەیەکی جەماوەری سەربەخۆ لەدەرەوەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی تاوانباران.

7. ئەوەی کە ئێستا هەیە لیژنەیەکە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕاسپێردراوە و دەستبەکار بوە، نوێنەرێکی "نەتەوە یەکگرتوەکان" و نوێنەرێکی "ئەمریکا" لەناو ئەو لیژنەیەدان وەك لە گفتوگۆی ڕادیۆی هاوپشتی ڕۆژی شەممە 29-5-2010 یەکێک لە "کەمپینی هەفتەی بێدەنگ نابین" لە کوردستانەوە بە تەلەفۆن ئەوەی ڕایگەیاند.

a) ئەم لیژنەیە بەپێچەوانەی هەمو عورفێکی قانوونی و نێودەوڵەتی کە دەبێ کەسەکانی لیژنەکە بناسێندرێن بە کۆمەڵگە تا کۆمەڵگە بزانێت ئەمانە بێلایەنن یان نا، ژمارەیان چەندە، پلەو پایەیان چیە، ئەم لیژنەیەی سەرۆکی هەرێم کەسەکانی نادیار و غەیبین.
b) ئەم لیژنەیە هیچ ڕونکردنەوە نادات لەسەر ڕەوەندی کارەکانی و میکانیزمەکانی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەکانی.
c) تاکە "ڕونکردنەوە"یەکی دەرکردوە کە لە لایەن بنەماڵەی سەردەشت عوسمانەوە هەندێک لە زانیاریەکانی سەبارەت بە ئاسەوار و پاشماوەی تیرۆرەکە بەسەر لاشەکەیەوە بە نادروست لەقەڵەم دراوە.
d) سەبارەت بەو دوو نوێنەرەی "نەتەوە یەکگرتوەکان" و"وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"ش.:

I. یەکەم: هیچ جۆرە میکانیزمێکی بەدواداچون و لێکۆڵینەوە دیاری ناکەن.
II. دوەم " هیچ دەسەڵاتێکیان نیە لە ناو لیژنەکەدا بۆ بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی کەیسەکە.
III. سێهەم، بەم پێیە ئەم دو نوێنەرە نەک وەک چاودێری خەڵک بەسەر لیژنەکەوە بەڵکو وەکو خشڵ، زێڕ و زیوی ڕازاندنەوەی لیژنەکەن.

e) بۆیە ئەم لیژنەیە نە شەرعیەتی هەیە و نە جێگەی متمانەیە، ئەبێ لەجێگەیدا لیژنەیەکی جەماوەری دەستبەکار بێت.

8. ئەم کەیسە ناکرێت حەواڵەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی لیژنەیەک:-

a) بە پێی ئەوەی کە میکانیزمەکانی کارکردنی پەرلەمانی لە هەموو وڵاتانی جیهان و لەوانەش میکانیزمەکانی کارکردنی پەرلەمانی هەرێم بە زۆرینە و کەمینەی دەنگ یەکلا دەکرێتەوە، ئەم حەواڵە کردنە وەکو ئەوە وایە بە ڕەسمی ئەو کەیسە بخەیتە بەر دەستی "پارتی" و "یەکیەتی". بونی نوێنەرێکی ئۆپۆزیسیۆن لەناو لیژنەکەدا زۆر لەمەسەلەکە ناگۆڕێت.
b) بایەخی سیاسی ئەو کەیسە دەخنکێندرێت کە لە دەست جەماوەر و لەسەر شۆستە و شەقامەکان بیگوازیتەوە بۆ ناو چوار دیوارێکی داخراو کە ئێستا ڕێگە بە ڕۆژنامە نوسان و کامێرای تەلەفزیۆنەکانیش نادەن کە بچنە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستانەوە و ڕوماڵی دانیشتنەکانی بکەن.

9. چەند فشار زیاتر و بەرفراوانتر بکرێت بۆ سەر کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان و تەنگەتاو بکرێن، کارێکی نەك هەرباشە، بەڵکو پێویستە و دەبێ پەرەپێبدرێت و بەرفراوانیش بکرێت، بەڵام تا ئەو جێیەی کە ئەمە خودی دەسەڵاتدارانن بەدواداچون و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن، [لەگەڵ هەمو فشار خستنە سەر و تەنگەتاو کردنێکیشیاندا] ئاکامێکی لەوە باشتری نابێت کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی کەیسی تیرۆری سۆرانی مامە حەمە، عبدالستار شەریف، نەزیر عمر، شاپور و قابیل و دەیانی تر لەقوربانیانی تیرۆری سیاسی، لە کوردستاندا هەیبوە.

10. بەپێی ئەو سەرنجانەی سەرەوە "ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری"، هاوڕای ئەوەی کە هاوئاهەنگ کردنی تەواوی کەمپین و کۆمیتە و لیژنە جۆراوجۆرەکان لەدەروەی وڵات لە گەڵ بزوتنەوەکەی ناوخۆ و "هەفتەی بێدەنگ نابین"، بە پێویستیەکی چار هەڵنەگر دەبینێتەوە بۆ پەرەپێدان، بەرفراوانکردن و بەهێز کردنی بزوتنەوەکە، وە لەوپێناوەدا هەوڵی خۆی دەدات، لە هەمان کاتیشدا:-

a) خەبات دەکات بۆ دەرکێشانی ئەم بزوتنەوەیە لەژێر باری ئەم میکانیزم و شێوازی لێکۆڵینەوەیە کە ئێستا لەئارادایە، وەبە دیاری کراوی ئەو لیژنەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ئەم تاوانە پێکهێندراوە، ئەوەش بە مەبەستی هێنانەدی لیژنەیەکی جەماوەری سەربەخۆ و بێلایەن.
b) پەیوەندی دەگرێت بە ڕێکخراو، حیزب و کۆڕو کۆمەڵ و هەلسوراوانی چەپ و کۆمۆنیست بەمەبەستی هێنانەدی ئۆرگانێکی عەمەلی سیاسی، هێنانەدی بلۆکێک کە هەڵگری پلاتفۆڕمێکی چەپ بێت لە دەرونی ئەو بزوتنەوەیەدا، کە پێشمەرجی ڕەخنەیەکی عەمەلی و وەلانانی ئەو ئاسۆ فکری-سیاسیە زاڵەیە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا و هەنگاوێکیشە لەڕاستای مۆرلێدانێکی چەپ لە ئاڵوگۆڕە فکری و سیاسیەکانی ئەمرۆی کوردستان.

**ڕەوەندی سۆشیالیستی کرێکاری-**
**www.rewend.info**
**2010-6-15**